بڕگری شارستانی هەولێر زیانەکانی ئاگرکەی بازاری لەنگە ئاشکرا دەکات



بڕگری شارستانی هەولێر ئاشکرایکرد، ژمارەی ئەو دوکانانەی لە بازاڕی لەنگە بەهۆی ئاگرکەی شەوی رابردووەو سوتان نزیکەی (166) دوکانە.

ئەمڕۆ چوار شەممە، کاروان میراوەدەلی، وتەبێژی بڕگری شارستانی هەولێر بە کەناڵەکانی راگەیاندنی راگەیاند: ئاگرەکەی بازاڕی لەنگە گیان لە دەستدانی لێنەکەتوتووە و تیمەکانی بڕگری شارستانیش توانیویانە لە (85%)ـی دوکانەکان لەو سوتان بپارێزن، تەنها لە (15%)ـی روبەری بازاڕەکە کە (166) دوکانە سوتاوە.

وتیشی: لێژنەیەکی باڵای هونەری بە لەکۆڵینەوە لە رووداوەکە دروستکراوە و لەلایەن لێژنەکەوە بڕیاداچون بە خەماندنی زیانەکان دەکرێت، چونکە دوکانەکان بڕێژەی جیاواز زیانیان بڕکەوتوە.

ئاماژەی بۆ ئۆشکرد، هەکاری روداوەکەمان بۆ دەرکەوتوە، بەڵام بۆ زیاتر دڵنیابونەوە و لەکەینەوی وردتر بۆ هەکاری کوتنەوی ئاگرکە و قەبارەی زیانەکان لە هەفتەی داهاتودا راپرتەکە دەنوسرێت و پێشکەش بەلایەنی پەیوەندیدار دەکرێت.

وتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێر، ئاشکرایکرد، بەپێی ئامارەکانی فریاکەوتنی تەندروستی خەرای شاری هەولێر (90) هاوڵاتی بەرکەوتەی دوکەڵبون و بۆ وەرگرتنی چارەسەر ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.